ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Geographical analysis of educational services in the city of chamchamal (secondary schools as a model)

*Corresponding author:

**Lect. Chirakhan Nasraddin Saleh**

Charmo University - College of Vocational Studies - Department of Oil and Gas

Email: Chrakhan.salih@chu.edu.iq

**Kazem Ahmed Sadreddin**, Ministry of Education - General Directorate of Education in Sulaymaniyah

Email: kazim.cebari@gmail.com

**Prof. Dr. Fatima Qadir Mustafa**

Raparin University - College of Humanities - Department of Geography

Email: fatma.qadr@uor.edu.krd

**Keywords**:Geographical distribution of services, preparatory education services, Chamchamal city, geographical distribution,Geographic Information Systems (GIS).

A R T I C L E I N F O

Article history:

| | |
|---|---|
| Received | 23 dec2024 |
| Accepted | 27 Dec 2024 |
| Available online | 1 Jan 2025 |

CC BY

## A B S T R A C T

Educational services are one of the crucial topics that many researchers in the field of human geography focus on, particularly in terms of their geographical distribution and patterns. This study aims to analyze the geographical distribution of educational services, specifically for the preparatory level, within the neighborhoods of Chamchamal city. The study investigates the extent to which these services are equitably and fairly distributed, in accordance with established standards, and whether they adequately meet the needs of residents across neighborhoods, both currently and in the future.

The preparatory level, which includes grades 10, 11, and 12, is considered one of the most significant stages in the educational journey of every student. This period, spanning ages 16–18, is a critical and sensitive stage in an individual's life, as it shapes their future path by determining their choice between literary and scientific specializations. This stage significantly impacts the future of students, and therefore, it requires considerable attention.

This research relies on data and information provided by the General Directorate of Education in Chamchamal. Additionally, Geographic Information Systems (GIS) are utilized to map the locations of these services within the study area. Furthermore, by applying planning standards, the study evaluates the capacity to deliver these services compared to the established standards in Iraqi planning systems. Descriptive, statistical, and analytical methods, including quantitative and qualitative approaches, are employed in this research.

مجلة لارك الفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4082

## التحليل الجغرافي للخدمات التعليمية في مدينة جمجمال (المدارس الثانوية نموذجا)

م. چراخان نصرالدين صالح، جامعة جيرمو - كلية الدراسات المهنية - قسم النفط والغاز

كاظم أحمد صدرالدين، وزارة التربية - المديرية العامة لتربية السليمانية

أ. د. فاطمة قادر مصطفى، جامعة رابرين - كلية العلوم الإنسانية - قسم الجغرافيا

عد الخدمات التعليمية واحدة من الموضـــوعات المهمة التي يوليها العديد من الباحثين في مجال الجغرافيا البشـــرية اهتماماً كبيراً، وخاصـــةً من حيث توزيعها الجغرافي وأنماط هذا التوزيع. تهدف هذه الدراســـة إلى تحليل التوزيع الجغرافي للخدمات التعليمية، وبالتحديد لمرحلة الإعدادية، ضـــمن أحياء مدينة جمجمال. كما تسـعى إلى معرفة مدى توزيع هذه الخدمات بشـكل عادل ومنصـف، وبما يتوافق مع المعايير المحددة، ومدى تلبيتها لاحتياجات السكان في جميع الأحياء حاضراً ومستقبلاً.

تُعتبر المرحلة الإعدادية، التي تشمل الصفوف (العاشر، الحادي عشر، الثاني عشر)، واحدة من أهم المراحل التعليمية في حياة كل طالب. إذ تغطي هذه المرحلة الفئة العمرية بين 16-18 عاماً، وهي فترة حساسة ومهمة في حياة كل فرد، حيث يتم خلالها تحديد بداية مســار المســتقبل الدراســي للطالب من خلال اختيار التخصــص (الأدبي أو العلمي). لهذه المرحلة تأثير كبير على مستقبل الطلاب، لذا يجب أن تحظى باهتمام كبير.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

اعتمدت هذه الدراسة على بيانات ومعلومات مقدمة من المديرية العامة لتربية جمجمال. كما تم استخدام أنظمة المعلومات الجغرافية (GIS) لرسم مواقع هذه الخدمات على الخريطة الأساسية لمنطقة الدراسة. بالإضـافة إلى ذلك، ومن خلال تطبيق معايير التخطيط، تم تقييم مدى قدرة تقديم هذه الخدمات بالمقارنة مع المعايير الموضـوعة في أنظمة التخطيط العراقية. وتم في هذه الدراســة اســتخدام الأســاليب الوصــفية والإحصــائية والتحليلية، بما في ذلك الأساليب الكمية والنوعية.

**الكلمات المفتاحية**: التوزيع الجغرافي للخدمات، خدمات التعليم الإعدادي، مدينة جمجمال، التوزيع الجغرافي، أنظمة المعلومات الجغرافية (GIS).

پوختە:

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە زۆرێک لە توێژەرانی بواری جوگرافیای مرۆیی بایەخی زۆری پێ دەدەن و توێژینەوەی لەسـەر دەکەن، بە تایبەت لەڕووی دابەشـبوونی جوگرافی و شـێوازی دابەشـبوونیانەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە کار لەسـەر دابەشـبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری بکرێت، بەتایبەتی بۆ قۆناغی ئامادەیی لەسـەر ئاسـتی گەڕەکەکانی شـاری

چەمچەماڵ. تاوەکو لەم ڕوانگەیەوە بزانرێت ئەم خزمەتگوزارییە تا چ ڕادەیەک بە شـێوەیەکی یەکسـان و دادپەروەرانە و بە گوێرەی پێوەرەکـان بە تەواوەتی ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنێت و دابەشـبووە بەسـەر گەرەکەکانی دانیشـتووانی ناوچەی توێژینەوەدا و چەندە پێویسـتی سـەرجەم دانیشـتوان لەسـەر ئاسـتی گەڕەکەکان دابین دەکات لە ئێستا و داهاتوودا.

قۆناغی ئامادەیی، کە پۆلەکانی(10، 11، 12) دەگریتەوە. بە یەکێک لە قۆناغە زۆر گرنگەکان دادەنرێت لە ژیانی هەر خوێندکارێکدا. چونکە دەکەوێتە تەمەنی (١٦-١٨) سـاڵیەوە کە تەمەنێکی زۆر هەسـتیار و گرنگە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا و لەم قۆناغەی خوێندندا سـەرەتای ڕێگەی داهاتووی خوێندکار دیاری دەکرێت بە هەڵبژاردنی پسپۆری (وێژەیی یان زانستی). ئەم قۆناغە کاریگەری لەسەر داهاتووی خوێندکار دەبێت، بۆیە دەبێت گرنگی زۆر بەم قۆناغەی خوێندن بدرێت، لەم توێژینەوەیەدا پشـت بەسـتراوە بە داتا و زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی چەمچەماڵ. هەروەها سـوود لە سـیسـتەمی زانیاریی جوگرافییەکان وەرگیراوە بەمەبەستی شیکردنەوەی شوێنی ئەم خزمەتگوزارییانە لەسەر نەخشەی بنەڕەتی ناوچەی توێژینەوە. لەلایەکی ترەوە بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی پلاندانان، هەڵسـەنگاندن بۆ توانای پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە کراوە بە بەراورد بەو پێوەرانەی لە پلاندانانی عێراقییدا جێگیر کراوە. هەروەها میتۆدی وەسفی و ئاماری و شیکاری و چەندییەتی لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە .

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کلیلی وشـەکان: جوگرافیایی خزمەتگوزاری، خزمەتگوزاری فێرکاری فێرگە ئامادەییەکان، شـاری چەمچەماڵ، دابەشبوونی جوگرافی، سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان GIS

پێشەکی:

شاری چەمچەماڵ هاوشێوەی شارەکانی تری کوردستان بە قۆناغی پێشکەوتنی ئاوەدانی و شارستانییەتدا تێپەڕبووە بۆیە پێویسـت دەکات لەسـەر بنەمای پێوەری زانسـتی و سـەردەمیانە پلانی گونجاو و دابنرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لەناویاندا خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی، هەموو شارێک لە ڕێگەی کۆمەڵێک فرمانەوە خزمەتگوزارییەکانی پێشـکەشـی دانیشـتووان و دانیشـتووانی هەرێمەکەی دەکات بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی و ئاستی گونجاوی بژێوی ژیانی شارستانی بۆ دانیشتووانەکەی، بۆیە خزمەتگوزاری فێرکاری گرنگییەکەی کەمتر نییە لە خزمەتگوزاری (تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئایینی) چونکە بنەمایەکی سـەرەکییە بۆ کارامەیی و دەرخسـتنی تواناکانی تاک و پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشـیار و پەروەردەکراو بۆ بەرەو پێشـبردنی کۆمەڵگا، لەم ڕوونگەیەوە دەبینین زۆربەی وڵاتان هەموو هەوڵەکانیان لەپێناو پێشخستنی ئەم خزمەتگوزارییە دەخەنە کار. بۆیە توێژەرانی بوارە جیاوازەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی کارا و کاریگەر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەبێت ئەو کۆمەڵگایە

بەرەوپێش دەڕوات بە شێوەیەک ژیانێکی ئازاد و شایستە بۆ هەموو ئەو تاکانەی کۆمەڵگات پێک دەهێنێت، هەر لەبەرئەمەیە کەرتی فێرکردن لە پێشینەی سەرجەم کەرتەکانی تری پەرەپێدانی مرۆییدایە بۆیە زۆربەی دەوڵەتان تەواوی هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ بەرەو پێشـــبردنی ئەم کەرتە تاوەکوو ببێت بە بنەمایەک بۆ پەرەپێدان بە سەرجەم بوارەکانی دیکەی وڵات بۆیە پێویستە گرنگی بەم قۆناغەی خوێندن بدرێت لە ڕێگەی چاودێری کردن و پلاندانانەوە هاوکات ڕاوەســـتان لەســـەر تەواوی کێشـــەکانی ئەم بوارە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان لەسەر ئەم بنەمایە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە هەڵسەنگادن بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بکرێت لە ناوچەی توێژینەوەدا بەتایبەتی بەراوردکردنی بارودۆخی ئەم قۆناغەی خوێندن لەگەڵ پێوەرە ناوخۆییەکان و عیراقییەکان دواتر هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی شوێنی بە بەکارهێنانی تەکنیکی بەرنامەی(Gis)

کێشەی توێژینەوە:

کێشـــەی توێژینەوە هەر وەک ئاماژەمان پێدا خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی دانیشـتووانی شـاردا هەیە، لەسـەر ئەم بنەمایە توێژەران کێشـەی توێژینەوە لەم پرسـیارانەدا دیاری دەکەن:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

١-هیچ هاوسـەنگییەک لە نێوان دابەشـبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی و ژمارەی دانیشـتووان لە گەڕەکی کانی شاردا هەیە؟

٢ -توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە شاری چەمچەماڵ بۆ خزمەتکردنی دانیشتووانەوە لە چی ئاستێکدایە؟

٣-ئایا خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی هاوشـانی گەشـەی دانیشـتووان و فراوان بوونی شـار و گەشـەی کردوە؟

گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوە لەسـەر بڕیاری شـارەزایی لە بابەتەکەدا دیاری دەکرێت بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی توێژینەوە، هەربۆیە گریمانەکان لەسەر ئەم ئەگەرانە وەستاون:

١-خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بە شـێوەیەکی ناهاوسـەنگە لەگەڵ ژمارەی دانیشـتووان و دابەشـبوونی بە سەر گەڕەکەکانی شاردا.

٢ -توانای خزمەتگوزاری و فێرکاری ئامادەیی لە یەک ئاستدا نییە بۆ خزمەتکردنی دانیشتووان بەراورد بە پێوەرە پلانسازییەکان.

٣ -دانیشتووان یەکێکە لە گۆڕاوەکان لە خەملاندنی پێویستییەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لەشاردا.

ئامانجی توێژینەوەکە:

١-هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە پێناو دەستنیشانکردنی کەم و کورتی و کێشەکانی ئەم خزمەتگوزارییە لەسەر بنەمای پێوەری زانستی.

٢-بەدیارخستنی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی تاوەکو زانیاری پێویست بخرێتە پێش چاوی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پلاندارەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەیانەوە چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشە و گرفتانە بدۆزرێتەوە کە ڕووبەڕووی ئەم خزمەتگوزاریە بوەتەوە لە ناوچەی توێژینەوە.

٣-لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی ئێستای خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی پشت بەست بە چەند پێوەرێکی دیاریکراو لەم بوارەدا.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی(مێژووی، وەصفی، ئاماری، شیکاری، چەندێتی) بەستراوە، بەمەبەستی بەدەرخستنی شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە ناوچەی توێژینەوەدا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پلانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی گەشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پلانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکی و سێ بەش دەرئەنجام و راسپاردەو و لیستی سەرچاوەکان، هەر بەشێک بۆ دوو باس دابەشکراوە بەم شێوەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: چوارچیوەی تیۆری ناوچەی توێژینەوە، باسی یەکەم: چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، باسی دووەم: سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە

بەشی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی، باسی یەکەم: رەهەندی مێژووی خوێندنگا ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە، باسی دووەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگا ئامادەییەکان لەسەر ئاستی گەرەکەکانی ناوچەی توێژینەوە.

بەشی سێیەم: توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە شاری چەمچەماڵ، باسی یەکەم: پێوەری دانیشتوان بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی ناوچەی توێژیینەوە، باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی گەرەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

بەشی یەکەم: چوارچیوەی تیۆری توێژینەوەکە:

باسی یەکەم: چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە:

لەم باســـەیەدا هەوڵ دەدەین لەو چەمک و زاراوانە بدوێن کەوا پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی بە توێژینەوەکە هەیە لەبەر گرنگی و بەکارهێنانیان لەسـەر شـوێنی بابەتەکەدا، هەمووها لە پێناو باشـتر بوون و ئاشـنابوون پێیان لە گرنگترین ئەم چەمک و زاراوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١ -خزمەتگوزاری:

خزمەتگوزاری کارێکی ســـوودبەخشـــە، ئامانج لێی باشـــترکردنی شـــێوازی ژیانی تاك و کۆمەڵگەیە و بەزۆری کاڵایەکی مەعنەوی بەرهەم دەهێنێت، لەبەر ئەوەی بەزۆری شـــــارەزایی و لێهاتوی گروپە ڕاهێنراوەکان پێشـکەش بەتاکەکانی کۆمەڵگە و دەسـتە و کۆمپانیا خۆماڵی یاخود هەرێمی یاخود جیهانییەکان دەکات(الهیتی،2013،ص18). خزمەتگوزاری مانای ئەو چالاکیەیە کە وڵات و کەرتی تایبەت بەرجەستەی دەکەن بۆ دابینکردنی سـودێکی دیاریکراو بۆ تێرکردنی پێداویسـتی و ئارەزووی خەڵک، واتا بەدەسـتهێنانی سودی زانستی و تەندروستی و هزری دەرونی و جەستەیی و ژینگەیی، تەکنەلۆژیە بۆ مرۆڤ، کە بەژدار دەبێت لە بەدیهێنـانی داخوازیەکـانی و بەرزکردنەوەی توانســـتی خزمەتگوزاریەکە لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان کەزادەی بەدیهێنانی تەندروستی و ئارامیە (مصطفی، 2020، ص18.(

لەم ڕوانگەیەوە و بە بۆچونی توێژەران خزمەتگوزاری دابینکردنی پێداویستی دانیشتووانە لە لایەن کەرتی تـایبەت یـان حکوومەتەوە یـان لایەنێکی دیـاریکراوە پێشـــکەش بە لایەنێکی تر دەکرێـت بەمەبەســـتی باشترکردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگا و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری فێرکاری لە هەر ناوچە و شارێکدا.

٢ -جوگرافیایی خزمەتگوزاری:

لقێکی تازەی جوگرافیای مرۆییە ئەمەش بەو مانایەی کەوا لە چوارچێوەی نەخشـــەو چالاکیە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکـان شـــوێنی گرنگی هەبێت بە شـــێوەیەکی گونجـاو و پێویســـت بۆ کۆمەڵگەی شــــار و لادێکان(صـــاڵح،٢٠١٤،ص١٦٢)، ئەم زانســـتە گرنگیی زۆری لە توێژینەوە جیاوازییەکاندا هەیە بەهۆی جیاوازی شوێنی قەبارەی پێداویستی بۆ خزمەتگوزارییەکان و داواکاری لەسـەریان لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی دەدا بە ڕێکخسـتنی شـوێن بۆ ئەم کەرتە لەبەر ڕۆشـنایی بارودۆخی سـروشـتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموگرافی(*) بە تێپەڕبوونی کات و زیادبوونی دانیشتووان و باشتربوونی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وایکرد جوگرافیای خزمەتگوزاری گەشـەی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و بە شێوەیەکی گەورە گەشـە بکات بە تایبەتی لە چارەکی کۆتای ســـەدە ڕابردوو لە ڕووی پەرەســـەندن و لە بوارە جیاوازەکانی پلاندانان لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی دانیشتووانەوە هەیە(حەمەعلی،٢٠١٦،ل٢٤.(

-3خزمەتگوزاری فێرکاری:

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ دەرخستنی توانای بیرو مێشکی خوێندکاران، ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی سیستەمێکی هەرەمی بۆ نواندنی یاسایی خوێندن، کە بەخوێندنی باخچەی ساوایان دەست پێدەکات و بە شێوەیەکی پلەپلەیی (تدریجی) دەروات تاوەکو دەگاتە خوێندنی باڵا (الجمیلی،٢٠٠٧، ص١٣٠)، هەروەها لە یەکێکی تر لە پێناسەکاندا هاتووە کە جۆرێکە لە جۆرەکانی (خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان)(*)، بەشێوەیەکی فراوان بڵاوەو بایەخی گرنگی لە هەموو جیهاندا هەیە ، ئەمەش مانای چالاکی و سود بەخشینە کە لەلایەن دەوڵەت یان کەرتی تایبەتەوە پێشکەش بە دانیشتوان دەکرێت، ئامانجی گەیاندنی سودی زانستیانە و فراوانبوونی لایەنی دەرونی و مێشکی مرۆڤەکانە(راوندزی،٢٠٠٦، ص٩)، هەروەها یەکێکە لە لقەکانی جوگرافیای خزمەتگوزاری ئەم کەرتەی خزمەتگوزاری بایەخێکی گرنگی زۆری هەیە و لەوانەش گرنگی بە دابەشکردنی شێوە و شوێنی دامەزراوە فێرکارییەکان و ئاستیان و هەڵی فێرکردنی دانیشتووانی دەدات، ئەمەش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کار دەکاتە سەر دیاردەکانی تر و بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کرداری گەشەپێدانی مرۆیی لەبەرئەوەی کەرتی فێرکاری لە هۆکارە گرنگەکان هەژماردەکرێت کەیارمەتی گەشەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەدات (حەمەعلی،٢٠١٦،ل٢٤-٢٥)، و چەندین رێگای جیاوازی فێرکردن بەکارهاتوە بۆ گەیاندنی ئەم خزمەتگوازاریە بەجۆرێک لە سەدەکانی ڕابردودا تەنها پشت بە کتێب بەستراوە، بەلام لە ئێستادا پشت بە راگەیاندن دەبەسترێت وەک یەکێک لە ڕێگا بەسودەکان بۆ فێربوون کە یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی تەرکیز و خێرا وەرگرتنی زانیاریەکان(هظل، ٢٠٢٤،ص ٢٩٧.(

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

فێرخواز بە هۆکاری سەرەکی دامەزراوە فێرکاریەکان دادەنرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی فێرخواز بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و بڕوانامەیە، کە بتوانێ لە دوا ڕۆژدا درێژە بە ژیانی کرداری بدات بەو بڕوانامەی بەدەستی هێناوە، لەرووی زمانەوانییەوە فێرخواز ئەو کەسەیە کە بدوای زانست و زانیاریدا دەگەڕێت.

4- شار:

توێژەران پێناسەی جیاوازیان بۆ شار هەیە، بەهۆی جیاوازی پسپۆری و پاشخانی هزریانەوە، دیکنسۆن دەڵێت شار بریتییە لە ناوەندێکی ئاوەدانی چڕ زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەپیشەی جۆراوجۆری وەکو بازرگانی و پیشەسازی کار دەکەن جگە لە کشتوکاڵ(محمد،٢٠١٦،ص١٦)، لە پێناسەیەکی تردا هاتووە شار ئەو ناوەندە ئاوەدانییەیە چالاکی کشتوکاڵی پیشەی سەرەکی دانیشتوانەکەی نیە، بەڵکو ناوەندی داهێنان و درەوشانەوەی شارستانییەتە و تایبەتە بە چالاکی بازرگانی و پیشەسازی(یوسف،٢٠٠٧،ص١٠) بەگشتی

ئەتوانین بڵێین توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی شار ناوەندی کۆبونەوەی دانیشتوان و کارکردن و خۆشگوزەرانیە.


باسی دووەم: سنوری ناوچەی توێژینەوە:

ناوچەی توێژینەوە (شاری چەمچەماڵ) دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە، بەشێکە لەناوچەی نیمچە شاخاوی سنوری سروشتی ناوچەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخەکانی قەرەداغ و سەگرمە و بازیان وەکو سنوری سروشتی جیاکەرەوەیە لە نێوان ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی، لە باکورەوە زێی بچوك و لە ڕۆژئاواوە بەرزایەکانی خاڵخاڵان و بانی مەقان و عومەر ئەولیایە, لە باشورەوە لقەکانی خواروی ئاوەسپی(محمدامین،٢٠١١،ل٢٢)، لەڕووی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٠٣، ٣٥، ٤٥ بۆ 10 ، 33، ە35) ی باکور، هەردوو هێڵی درێژی (٤٥،50، ە44 بۆ 30،50 ، ە44 ) ی ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی (1) و (2)، لە رووی تایبەتمەندی جوگرافیەوە دەکەوێتە نێوان دوو هەرێمی جیاواز کە هەرێمی دەشتایی لە باشورو باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکوك، هەرێمی چیایی لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، نزیکەی (65) کم لە پارێزگای سلێمانی و وە (48) کم لە پارێزگای کەرکوکەوە دوورە (عزیز،٢٠١١،ص١١)، لەبەرئەمە شاری چەمچەماڵ بوە بە ڕێگەیەکی بازرگانی بۆ گواستنەوەی شمەکەکان لە نێوان هەر دوو پارێزگادا, ئەمە جگە لەوەی کە پارێزگای کەرکوك ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و پارێزگای سلێمانیش بە پیشەسازی و کشتوکاڵ, کە ئەمەش کار دەکاتە سەر لایەنی ئابوری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**نەخشەی (1)**


**پێگەی شاری چەمچەماڵ بە گوێرەی ئیدارەی گەرمیان و هەرێمی کوردستان**



سەرچاوە : کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان،202٤.

## نەخشەی (2)

## پێگەی ئەسترۆنۆمی شاری چەمچەماڵ




مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

سەرچاوە : کاری توێژەران پشت بەست بە :
حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، ب. هونەری، 202٤.

بەشی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەیی ئامادەیی:

باسی یەکەم: ڕەهەندی مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچەی توێژینەوە:

ئەوانەی کە سەبارەت بە خوێندنی فەرمی ناوچەی چەمچەماڵ نووسیویانە لە نێوان خۆیاندا هاوڕانین لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو مێژووەی تێدا خوێندنی فەرمی لە ناوچەکە دەستی پێکردووە، هەندێک لەوان ئەم مێژووەیان بە ساڵی (١٩٢٥) دەستنیشانکردوە، لە مەشدا پشتیان بە تۆمارێکی قوتابخانە بەستووە کە تیایدا لە ساڵی(١٩٢٥)ەوە دەست بە تۆمارکردنی ناوی قوتابی کراوە، بەڵام هەندێکی تر ئەم ڕێکەوتەیان بە ساڵی (١٩٢٠) دیاری کردووە ئەمەش نامەیەکی شێخ مەحموودیان کردووە بە پاڵپشت بۆ بۆچوونەکەیان کە لە ساڵی (١٩٢٢) بۆ قائیمقامی ئەو کاتی چەمچەماڵی ناردووە ئاماژەی بەوە کردووە کە پێش ئەو مێژووە لە چەمچەماڵدا قوتابخانە هەبووە.

بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی فەرمی لە ناوچەی چەمچەماڵدا زۆر پێش هەر یەکە لەو ڕێککەوتنانە کەوتووە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە (محمد ئەمین زەکی بەگ) لە ساڵنامەی نەزارات مەعاریفی عمومی ساڵی (١٣٢١) چەند زانیارییەکی لەسەر قوتابخانە فەرمییەکانی ناوچەی

سـلێمانی گواسـتووەتەوە سـەبارەت بە ناوچەی چەمچەماڵ تێدا هاتووە کە لەو سـاڵەدا لە ناوەندی قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی ئاخجەلەر سـەرووبە قوتابخانە هەبوونە کە قوتابخانەی (ئەوەڵی چەمچەماڵ) (٣٠) قوتـابی و (١) مـامۆسـتـا (ئەوەلی ئـاخجەلەر) (١٧) قوتـابی و (١) مـامۆسـتـا دەوامیـان تێدا کردووە (عبدالعزیز،٢٠١٣،ل٢٦٩-٢٧٠). دوای ئەوەی لەسـاڵی خوێندنی (1920-1921)، یەکەم قوتابخانە لە چەمچەماڵ کراوەتەوە ئەوکات تا پۆلی چواری تێدابووە دواتر بۆ سـاڵی خوێندنی (1928-1929) پۆلی پێنجەمی تێداکراوەتەوە پاشان لە ساڵی خوێندنی (1935-1936)، بۆیەکەم جار قوتابخانەی سەرەتایی کچان کراوەتەوە بەناوی (مدرسـة البنات الأولیة)، ژمارەی خوێندکارەکانی (20)کچ بووە. (عەبدول، 2017، ل22). بەهۆی بەرەوپێچوونی ڕەوشـی خوێندن لە شـاری چەمچەماڵ لە قۆناغەکانی دواتردا هەم ژمارەی قوتابی زیادی کرد هەم قوتابخانەکان، ئەوەبوو لە سـاڵی (1946). لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا شـاکر فەتاح قائمقامی چەمچەماڵ قوتابخانەی شـەوانی چەمچەماڵ کرایەوە لەلایەن مامۆسـتایان (عەونی سـەید کاکە و نەجات سـەید عومەر و قادر مەجید) بەڕێوەبراوە. (کەریم، 2003، ل145). ئەگەرچی پێشـتر لە سـاڵی (1930) بۆیەکەمجار لە شـارەکەدا قوتابخانەی نەهێشـتنی نەخوێندەواری کراوەتەوە هاوشـان لەگەڵ قوتابخانەی (سەرەتایی چەمچەماڵ). ڕۆڵیان بینووە لە گرنگیدان بە بواری پەروەردە و فێرکردن لە شارەکە. (عەبدولعەزیز، 2019، ل339). هەروەها لەسـاڵی خوێندنی (1959-1960)، یەکەمین قوتابخانەی ناوەندی لە شـارەکەدا کراوەتەوە بەناوی (مدرسـة المتوسـطة للبنین) دواتر لە سـاڵی خوێندنی (1975-1976) قوتابخانەکە لە ناوەندییەوە بووە بە دواناوەندی بەناوی (دواناوەندی چەمچەماڵ) دواتر لە سـاڵی خوێندنی (1981-1982) قوتابخـانەکە کراوە بە خوێندنگـای (ئامادەیی چەمچەماڵی کوڕان) ئەگەرچی قوتابخانەی ناوەندی کچان بۆ چەند ساڵێك دواکەوت لەشارەکە بەڵام لە ساڵی خوێندنی (1987-1979) یەکەم قوتابخانەی ناوەندی کچان لە چەمچەماڵ کرایەوە بەناوی (متوسـطة جمجمال للبنات) دواتر لە سـاڵی خوێندنی (1981-1982) قوتابخانە ناوەندییەکەی کچان بووبە خویندنگەی دواناوەندی کچانی چەمچەماڵ. هەروەك ناوەندی شـەوانی چەمچەماڵ لە سـاڵی خوێندنی (1979-1980) کراوەتەوە دواتر بووەبە دواناوەندی شـەوان هەرلەو ماوەیەدا بەشـە ناوخۆی لە چەمچەماڵ بۆ خوێندکارانی دەرەوەی سـەنتەری قەزا کراوەتەوە بەناوی (بەشـە ناوخۆیی دواناوەندی چەمچەماڵ). (عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل24-25-26 .(

سـەبارەت بە خوێندنگەی ئامادەیی لەشـاری چەمچەماڵ، هەروەك پێشـتر باس کرا لەبری خویندنگەی ئامادەیی خویندنگەی دواناوەندی هەبوو کە پۆلەکانی (یەك و دوو و سێی ناوەندی و چوار و پێنج و شەشی) لەخۆگرتبوو، ئەم دۆخە لە زۆر قوتابخانە وەك خۆی مایەوە هەتا ماوەکانی دوای سـاڵانی (2000). بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لە سـاڵی خوێندنی (1983-1984)، یەکەمین خویندنگەی ئامادەیی بەناوی

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئامادەیی پیشەسازی چەمچەماڵ کراوەتەوە. دواتر ناوی ئامادەییەکە گۆڕا بۆ ئامادەیی(پیشەیی چەمچەماڵ). (عەبدولعەزیز،٢٠١٩، ل 383). هەتا ساڵی 1991 ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن بەم شێوەیە بوو: خوێندنگەیەکی پیشەیی بەناوی ئامادەیی پیشەسازی چەمچەماڵ. ئامادەیی چەمچەماڵی کوڕان. دوو خوێندنگەی دواناوەندی بەناوەکانی (رسالة و ڕەنگینی کچان). یەك خوێندنگەی دواناوەندی شەوان، سێ خوێندنگەی ناوەندی بەناوەکانی (ڕووناکی، عیراق جدید، مسقبل). خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بوو. لەگەڵ چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی وەك (چەمچەماڵ، ئەختەر، شۆڕش، مەشخەڵ، سەگرمە، ڕۆژ، برایان، شەوبۆ، فەلەستین، بێتوشی، سپی حەسار) لەگەڵ یەك باخچەی ساوایان بەناوی باخچەی ساوایانی چەمچەماڵ. بەڵام دوای پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە شاری چەمچەماڵ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی باشی بخۆوە بینی ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن تیایدا گەشەدەکات و ڕوو لە زیادبوونە بە نموونە لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (1991) چەندین ناوەند و دەزگای پەروەردەیی کراونەتەوە لەوانە:

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (1997-1998).

پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (1998-1999).

پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (1999-2000 ).

کۆلێجی پەروەردەی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (2006-2007).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (2007-2008).

پەیمانگای کۆمپیوتەری چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (2013-2014).

پەیمانگای وەرزشی چەمچەماڵ، لە ساڵی خوێندنی (2013-2014).

زانکۆی چەرموو، لە ساڵی خوێندنی (2014-2015). (عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل28-29-30.)

باسی دووەم: دابەشبوونی شوێنی خوێندنگا ئامادەییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە.

مەبەست لە دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکارییەکان ناساندنی جیاوازی شوێنی دابەشبوونی خوێندنگەکانە لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شار کە یارمەتی پلاندانەرانی شار ئەدات لە دانانی نەخشەی خزمەتگوزاریی فێرکارییەکان بە شێوەیەک لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و داهاتووی دانیشتووواندا بگونجێت لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو شوێنانەی زیادەیان هەیە و ڕێخستنەوەیان و کەم کردنەوەی دیاردەی نا هاوسەنگی شوێن بۆ گەشتن بە ئاستی گەشەپێدانی شار(خلیل،٢٠٢٣،ل٤١.)

ئەم قۆناغە پۆلی چوار بۆ شەش دەگرێتەوە(لەکاتی ئێستادا پێی دەڵێن 10 بۆ 12) لە تەمەنی(16 – 18) ساڵیدایە لەم قۆناغەدا خوێندکار پسپۆری وەردەگرێت لە بواری خوێندندا کە بۆ دوو بەشی ئەکادیمی

دابەشـــکراوە (زانســـتی و ویژەی)، هەروەها بۆ ســـێ جۆری خوێندن دابەشـــبوون کە ئەویش خوێندنگەی (کوڕان، کچان، تێکەڵ) دەگرێتەوە.

بەســەرەنجدان لە خشـتەی (١) و نەخشـەی (٣) دەدەکەوێت کە خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی بەگشـتی لە کۆی (٢٠) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە خوێندنگە ئامادەییەکان بەســەر(٧)گەڕەکی ناوچەکەدا دابەشــبوون، زۆرترین خوێندنگەکانی دەکەوێتە گەڕەکی(ئاشـــتی) کە هەریەك لە خوێندنگەکانی (ڕەنگین، ئامادەیی چەمچەماڵ، تاقگەی کچان(*)، کوردستان، ئارۆ) لەخۆدەگرێت کە(٣,٨٩٪)ی ڕووبەر و (٥,٣٥٪)ی کۆی دانیشـــتوانی پێکهێناوە، پاشـــان گەڕەکی ئازادی دێت کە(2) خوێندنگەی لەخۆگرتووە کە هەریەك لە خوێندنگەکانی (مەقان، پێشـــڕەو)کە (٣,٨٨٪) لە کۆی ڕووبەروو، (٧,٢٩٪)کۆی دانیشـــتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنن، هەروەها گەڕەکی مامۆســـتایان(2)خوێندنگەی ئامادەیی لەخۆدەگرێت کە هەریەك لە خوێندنگەکانی(شـــوان، گۆران) بەمەش (٣,٥٤٪)ی کۆی ڕووبەری گەڕەکەکانی و (٥,٣٤٥)ئ کۆی دانیشـــتوانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، هەروەها گەڕەکی خاك هەریەك لە خویندنگەی (مەســـتورە، مەولەوی ئیواران(**)) لەخۆدەگرێت، بەمەش (٣,١٦٪)ی کۆی ڕووبەر و (٣,٣٣٪)ی کۆی دانیشـــتوان لەخۆدەگێت، پاشان بەدوای یەکدا هەریەك لە گەڕەکی ڕۆژهەڵات و کوردستان دێت کە خوێندنگەی (سالمی ئیواران(***)، نوێگەری) لەخۆدەگرێت، بەمەش ڕووبەری(٥,١٧، ٤,٣٢٪)ی کۆی ڕووبەروو، (٩,٧٤، ٦,٠٩٪)ی کۆی دانیشـــتوانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، هەروەها خوێندنگەی (هاموون) دەکەوێتە بانی مەقان.

ســـەبارەت بە ڕێژەی خوێندکار لە کۆی خوێندنگە ئامادەییەکان و ڕێژەی مامۆسـتا لە کۆی مامۆسـتایانی قۆناغی ئامادەیی وەک لە خشـتەی(١)دا دیارە، بەهەمان شـێوە گەڕەکی ئاشـتی(٣١٪)لە کۆی خوێندکاران و (٣٤,٥٪)ی کۆی مامۆســـتایانی ناوچەی توێژینەوەی لەخۆگرتوە، ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی خوێندنگە ئامادەییەکان دەگەڕێتەوە لەم گەڕەکە وەک ئاماژەمان بۆ کردوە، هەروەها گەڕەکی مامۆســـتایان(٢٠٪)ی کۆی خوێندکاران و (١٩٪)ی کۆی مامۆســـتایانی پێکهێناوە، پاشـــان گەڕەکی ئازادی (١٤,٤٪)ی کۆی خوێندکاران و (١٦٪)ی کۆی مامۆســـتایانی لەخۆگرتووە، دواتر گەڕەکی خاک دێت لە ڕووی زۆری ژمارەی خوێندکاران و مامۆســـتایان کە (١٣,٦٪)خوێندکاران و (١٥٪)ی کۆی مامۆســـتایانی ناوچەی توێژینەوەی لەخۆگرتووە، هەروەها گەڕەکی ڕۆژهەڵات(١٣٪)ی لە کۆی خوێندکاران و (٥٪)ی کۆی مامۆســـتایانی پێکهێناوە، دواتر گەڕەکی مامۆســـتایان دێت کە (٧,١٪)کۆی خوێندکاران و(٨,٥)ی کۆی مامۆستایانی لەخۆگرتووە، کۆتا گەڕەک بانی مەقانە کە کەمترین ڕێژەی خوێندکاران و مامۆستایانی قۆناغی یامادەیی لەخۆگرتووە کە (٠,٨٪)ی کۆی خوێندکاران و (٢٪)ی کۆی مامۆســـتایانی پێکهێناوە، هۆکاری

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

کەمی ڕێژەی خوێندکاران و مامۆستایان لەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان لەم ناوچەیەدا و هەروەها نەبوونی خوێندنگەیەکی پێشکەتوو کە لەگەڵ ستانداردی ناوخۆی و عێراقیدا بگونجێت، چونکە خوێندگەی ئامادەیی لەم گەڕەکە تاوەکو ئیستاش لەسەر شیوەی کابینەیەو و بینای تایبەت و ستانداردی تایبەت بەخۆی نیە .

بەگشتی نارێکی دابەشبوونی ژمارەی خوێندنگە و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ نارێکی دابەشبوونی خوێندنگە ئامادەییەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە، هەروەك لە نەخشەی (١)دا تێبینی دەکرێ ئەو (١٤) خوێندنگایەی لە ناوچەی توێژینەوە هەیە بەسەر (٧) گەڕەکدا دابەش بوونە، واتا (12) گەڕەك هیچ قوتابخانەیەکی ئامادەیی تێدا نیە، ئەمەش هەلی ئاسانی گەیشتن بۆ خوێندکارانی نیشتەجێبوی هەموو گەڕکەکانی شار وەك یەك دابین ناکات، جگە لەوەش تەنها (٧) خوێندنگا خاوەن بینای تایبەت بەخۆیانن و ئەوانەی تر لەگەڵ قوتابخانەکانی تردا دەوام دەکەن .

**خشتەی (١) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بە گوێرەی گەڕەکەکانی شآری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤**


| گەڕەك | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار | % | ژمارەی مامۆستا | % | رووبەری گەڕەک | % | ژمارەی دانیشتوان | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاشتی | ٥ | 1683 | 31 | 138 | ٣٤,٥ | ٥٠,٩٠٨٢ | ٣,٨٩ | 3890 | ٥,٣٥ |
| مامۆستایان | 2 | 1086 | 20 | 79 | 19 | ٤٦,٣٣٦٨ | ٣,٥٤ | 3880 | ٥,٣٤ |
| ئازادی | 2 | 780 | ١٤,٤ | 67 | 16 | ٥٠,٧٤٨٤ | ٣,٨٨ | 5300 | ٧,٢٩ |
| سەرشەقام | - | - | - | - | - | ٧٠,٥٠٧٢ | ٥,٣٩ | 2675 | ٣,٦٨ |
| پورە گوڵە | - | - | - | - | - | ٧١,٠٧٩٨ | ٥,٤٤ | 1670 | ٢,٣ |
| خاك | ٢ | 736 | ١٣,٦ | 60 | 15 | ٤١,٢٩٦١ | ٣,١٦ | 2417 | ٣,٣٣ |
| ڕاپەرین | - | - | - | - | - | ٩٧,٩٠٠٨ | ٧,٤٩ | 8800 | ١٢,١١ |
| ڕۆژهەڵات | ١ | 701 | ١٣ | 21 | 5 | ٦٧,٥٥٨٧ | ٥,١٧ | 7075 | ٩,٧٤ |
| کوردستان | ١ | 384 | ٧,١ | 34 | ٨,٥ | ٥٦,٥٣٨ | ٤,٣٢ | 4425 | ٦,٠٩ |
| رزگاری | - | - | - | - | - | ٢٤,٤٠١٩ | ١,٨٦ | 1725 | ٢,٣٧ |
| بێکەس | - | - | - | - | - | ٣٧,٢٥٥٧ | ٢,٨٥ | 2750 | ٣,٧٨ |
| شەهیدان | - | - | - | - | - | ٣٤١,٧٢١١ | ٢٦,١٦ | 2085 | ٢,٨٧ |
| نشتیمان | - | - | - | - | - | ٥٣,١٤٦١ | ٤,٠٦ | 4800 | ٦,٦١ |
| بنار | - | - | - | - | - | ٣٠,٧٥٩٤ | ٢,٣٥ | 2300 | ٣,١٧ |
| سەربەرزی | - | - | - | - | - | ٦١,٥٣٠٨ | ٤,٨ | 6250 | ٨,٦ |
| ئاسودە | - | - | - | - | - | ٣٨,٩٣٨٦ | ٢,٩٨ | 1920 | ٢,٦٤ |
| بەختیاری | - | - | - | - | - | ١٣٨,٨٢٤٤ | ١٠,٦٣ | 9655 | ١٣,٢٩ |
| قەڵا | - | - | - | - | - | - | | 1050 | ١,٤٤ |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خان | - | - | - | - | - | ٢٦,٤٥٤٣ | ٢,٠٣ | - | - |
| بانی مەقان | ١ | 45 | ٠,٨ | 10 | 2 | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | 14 | 5418 | 100 | 399 | 100 | ١٣٠٥,٩٠٦٣ | 100 | 72667 | 100 |

سەرچاوە: ١-وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ، بەشی ئامار، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٣.
٢-صـــدیق محمد ڕەشـــید، ٢٠٢٣، دابینکردن و تایبەتمەندی ئاوی خواردنەوە لە شـــاری چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی خزمەتگوزاری)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە.

**نەخشەی (٣) دابەشبونی جوگرافی خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری چەمچەماڵ لەسەر ئاستی گەڕەک بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٣**




سەرچاوە : 1- کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (1) و بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.2Arc gis).
٢-حکومەتی هەرێمی کوردســتان، بەرێوەبەرایەتی شــارەوانی چەمچەماڵ، نەخشــەی بنەڕەتی شــاری چەمچەماڵ، بەشــی هونەری، 2021 .

**بەشی سێیەم: توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی و پەروەردەیی لە شاری چەمچەماڵ:**

بۆچوونی جیاواز دەربارەی چەمکی توانا هەیە ،بە گوێرەی جیاوازی تێڕوانینەکان ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە پێناسەی چەمکی توانایە لە لێکۆڵینەوە مرۆییەکاندا لە وانەش جوگرافیا کە چەمکی توانا وەک ئاماژەکردنێک بەکاردەهێنرێت بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزە مرۆییەکان لە لایەن ئەم دامەزراوانەی کاریان تێدا دەکەن، بە شێوازێک دڵنیایی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بکات بە کورتترین کات و کەمترین

تێچوو، هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری پلانسازی دەکرێت کە دەتوانین لە پێناسەکردندا بڵێین ئەمانە ئامراز یاخود پێوەری هونەرین بەکار دەهێنرێن بۆ دیاریکردنی بڕ و جۆری خزمەتگوزاری پێشنیارکراو بۆ جێگیرکردن لە هەر ژینگەیەکی ئاوەدانکردنەوەدا بۆ ئەوەی ژینگەیەکی بەردەوام هاوسەنگ بێت بۆ ژیانێکی تەندروست ئەم پێوەرانە ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی سوودمەند بوان و ڕووبەری یاسایی و سنووری خزمەتگوزاری و تایبەتمەندییەکان لە خۆ دەگرێت لە ڕاستیدا ئەم پێوەرانە جیاوازن لە نێوان وڵاتاندا بە پێی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتن(دەروێش، ٢٠١٧، ل٢٠٠)، بەمەبەستی دەرخستنی توانای خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە توێژەران پشتیان بە بەکارهێنانی چەندین پێوەری عێراقی و جیهانی بەستووە و ئەم بەشەیان بۆ دوو باسی جیاواز دابەشکردوە بەم شێوەی خوارەوە:

**باسی یەکەم: هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەیی ئامادەیی ناوچەی توێژینەوە:**

توێژینەوە جوگرافییەکان ناسراون بەوەی باشترین وەبەرهێنان بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و مرۆییەکان بە شێوەیەک وای لێ ئەکات پێش بکەوێت بە زووترین سوود و بە کەمترین کات و تێچوو، بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە ناوچەی توێژینەوە ئەو پێوەرانەی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقییەوە دانراون جێبەجێیان دەکەین و دەگەین بە دەرئەنجامێک کە بڕیار بدەین ئاستی ئەم خزمەتگوزارییە چەندە و توانای پێشکەشکردنی دەردەکەوێت ئەم پێوەرانەش بریتین لە:

**یەکەم: پێوەری دانیشتوان:**

خزمەتگوزاری فێرکاری پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتووانەوە چونکە تاوەکوو ژمارەی دانیشتووان زیاتربێت پێویستی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە زیاد دەبێت، پێوەرە عیراقییەکان بۆ هەر خوێندنگەیەکی ئامادەیی (١٠٠٠٠) کەسیان دیاری کردووە، ئەم پێوەرەش بە گوێرەی زۆر و کەمی دانیشتوان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت، بە پێی ئەم پێوەرە کە دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە پێکهاتووە لە(٧٥،٩١٣) کەس بۆ ساڵی(٢٠٢٣)، (ئاماری شاری چەماڵ، ٢٠٢٣)، بەمجۆرە ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە نزیکەی (٨) خوێندنگەی ئامادەیی هەیە، لەکاتێکدا کە (١٤) ئەمەش نیشانەی بایەخ دانە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بە ئاستێکی بەرز و توانای پێویستەوە، بەڵام ئەمە مانایی پێشکەوتنی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەم و کوڕیەکی بەرچاو لەم خزمەتگوزارییەدا بەدی دەکرێت ئەویش کەمی بینایە بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن کە هەربینایەك زیاتر لە یەك خوێندنگەی لە خۆگرتووە کە ئەمە خۆی لە خۆی دا پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**دووەم: پێوەرە پەروەردەییەکان:**

هەر وەک لە خشتەی (١) ڕوون کراوەتەوە کە تێیدا بارودۆخی فێرکاری و پەروەردەیی نیشان دەدات، دەردەکەوێت بارودۆخی پێوەرە ژمارەیەکە لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- خوێندکار/ خوێندنگە:

بە گوێرەی پێوەری عێراقی هەر خزمەتگوزارییەکی فێرکاریی ئامادەیی (٥٢٧) خوێندکارە بە گوێرەی ئەم پێوەرە هەریەک لە ئامادەییەکانی (سالمی ئیواران، شوان، چەمچەماڵ، ڕەنگین) لە سەرووی پیوەرەکەدان لە دیووی نەرێنیدا بەجۆرێک کە ژمارەیەکی زۆر خوێندکاریان لەخۆگرتووە کە زۆر زیاترە لەو ژمارەی کە پیوەری عێراقی دیاریکردووە، بەڵام هەریەک لە خوێندنگەکانی(گۆران، نوێگەری، پێشڕەو، مەولەوی ئێواران، کورستان، ئارۆ، تاڤگەی کچان، مەستورە، مەقان) لە خوارووی پیوەرەکەوەن بە دیووی ئەرێنیدا چونکە ژمارەیەکی کەم خوێندکاریان لەخۆگرتووە کە تا ڕادەیەک نزیکە لەگەڵ پیوەری عێراقی کە

کاریگەری ئەرێنی لەسەر بارودۆخی خوێندن دەبێت، بەڵام خوێندگەی (هاموون) دەکەویتە خواری پیوەرەکە بە دیووی نەرێنیدا.

**٢- پۆل / خوێندنگە:**

پێوەری عێراقی بۆ ژمارەی پۆل (١٢) پۆلیە، هەروەک لە خشتەی (٢)دا نیشان دراوە هەریەک لە ئامادەییەکانی(سالمی ئێواران، شوان، ڕەنگین، مەستورە، مەقان) دەکەونە سەرووی پیوەرەکە و ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت لە بارودۆخی فێرکاری و پەروەردەیی ناوچەی توێژینەوەدا، هەروەها خوێندنگەکانی (چەمچەماڵ، گۆران، نویگەری، پێشڕەو، کوردستان) دەکەونە چوارچێوەی پیوەرەکەوە کە ئەمەش بەهەمان شێوە بە خاڵێکی ئەرێنی لایەنی فێرکاری و پەروەردەیی ناوچەی توێژینەوە دادەنرێت، بەڵام هەریەک لە خوێندنگەکانی (مەولەوی ئێواران، ئارۆ، تاڤگەی کچان، هاموون) بە دیووی نەرینی خوارووی پێوەرەکەدان، چونکە ژمارەی پۆلەکانی خوێندن گونجاو نیە بۆ ژمارەی خوێندکاران و لەگەڵ پێوەری عێراقی کە ئەمەش کاردەکاتە سەر بارودۆخی فێرکاری و پەروەردەیی خوێندکاران لە ناوچەی توێژینەوەدا.

**٣- خوێندکار / پۆل:**

ئەم پێوەرەیان هەڵسەنگاندن بۆ هەر پۆلێک دەکات کە چەند خوێندکار لە خۆی دەگرێت تاوەکو ژمارەی خوێندکار لە پۆلەکاندا کەمتر بێت باشترە و تاکوو زیاتر بێت چڕی خوێندکار زیاتر دەبێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندکاران دەبێت، پێوەری عێراقی بۆ پۆلی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەییەکان (٢٥-٣٠)خوێندکارە، بە سەیرکردن لە خشتەی (٢) دەدەکەوێت هەریەک لە خوێندنگەکانی (شوان، مەقان، مەولەوی ئێواران) دەکەونە چوارچێوەی پیوەرەکەوە، بەڵام خوێندنگەی(سالمی ئێواران، چەمچەماڵ، ڕەنگین، مەستورە، گۆران، نویگەری، پێشڕەو) لە سەرووی پیوەرەکەوەن ئەمەش کاردەکاتە سەر چڕی زۆری خوێندکاران لە پۆلدا  کە کار دەکاتە سەر توانای وەرگرتنی خوێندکار لە زانست و زانیاریەکان، چونکە خوێندکار کەمتر دەرفەتی بەشداریکردنی چالاکیەکانی ڕۆژانەی دەبێت و ئەمەش دەبێتەهۆی ناهاوسەنگی بەشداریکردنی خوێندکاران، بۆیە زۆر کات خوێندکار ئەرک و چالاکییەکانی فەرامۆش دەکات، هەروەها هەریەک لە خوێندنگەکانی(کوردستان، ئارۆ، تاڤگەی کچان، هاموون) لە خوارووی پێوەرەکەدان بە دیووی ئەرێنی.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٤- خوێندکار / مامۆستا:**

ئەم پێوەرە زۆر گرنگە چونکە تاوەکوو پشکی خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەک زیاتر بێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە مامۆستا بە باشی زانیارییەکانی نەگەیەنێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر توانای مامۆستایان دەبێت، پێوەرە عێراقییەکان بۆ خزمەتگوزاری فێرکاریی ئامادەیی (١٧) خوێندکارە، سەرجەم خزمەتگوزاری فێرکاری ئامەدەییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە خوارووی پێوەرەکەدان و بەدیوێکی ئەرێنیدایە، جگە لە خوێندنگەی (سالمی ئێواران) کە بەرکەوتەی هەر مامۆستایەک نزیکەی (٢٥,٩)خوێندکارە کە ئەکەش لە سەرووی پیوەرەکەوەیە بە دیوێکی نەرێنیدا.

**خشتەی (٢)**

**بارودۆخی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بەگوێرەی پیوەرەکان لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

| خوێندنگه | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی پۆل | بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر پۆلێک | ژمارەی مامۆستا | بەرکەوتەی خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەک |
|---|---|---|---|---|---|
| سالمی ئێواران | ٧٠١ | ١٤ | ٥٠ | ٢٧ | ٢٥,٩ |
| شوان | ٦٩٥ | ٢٤ | ٢٨,٩ | ٤٨ | ١٤ |
| چەمچەماڵ | ٥٢٩ | ١٢ | ٤٤ | ٣٦ | ١٤,٦ |
| ڕەنگین | ٥٣٢ | ١٦ | ٣٣ | ٣٢ | ١٦,٦ |
| مەستورە | ٤٧٣ | ١٤ | ٣٣,٧ | ٣٨ | ١٢ |
| مەقان | ٤٠٩ | ١٦ | ٢٥,٥ | ٣٨ | ١٠,٧ |
| گۆران | ٣٩١ | ١٢ | ٣٢,٥ | ٣١ | ١٢,٦ |
| نوێگەری | ٣٨٤ | ١٢ | ٣٢ | ٣٤ | ١١ |
| پێشڕەو | ٣٧١ | ١٢ | ٣٠,٩ | ٢٩ | ١٢,٧ |
| مەولەوی ئێواران | ٢٦٣ | ١٠ | ٢٦ | ٢٢ | ١١,٩ |
| کوردستان | ٢٤٦ | ١٢ | ٢٠,٥ | ٢٣ | ١٠,٦ |
| ئارۆ | ٢١٢ | ٩ | ٢٣,٥ | ٣٢ | ٦,٦ |
| تاقگەی کچان | ١٦٤ | ٧ | ٢٤ | ١٥ | ١٠,٩ |
| هاموون | ٤٥ | ٢ | ٢٢,٥ | ١٠ | ٤,٥ |

ك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە پاشکۆی (١)

خوار یان سەرووی پیوەر بە دیووی نەرێنیدا — هاوتا لەگەڵ ستاندارد

خوار یان سەرووی پیوەر بە دیوی ئەرێنیدا

**باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەی ئامادەییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

هەڵسەنگاندنی شوێن بە یەکێکی تر لەو لایەنە گرنگانە دادەنرێت کە توێژەرانی بواری جوگرافیای خزمەتگوزاری گرنگی پیدەدەن، بەمەبەستی زانینی توانای پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریە بە دانیشتوان، چی لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بێت، یان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون، بەمەبەستی زانینی

هەڵسەنگاندنی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری و ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە پشت بەم پێوەرانەی لای خوارەوە بەستراون:

**١- شوێنی خوێندنگە ئامادەیەکان بە گوێرەی شەقامی سەرەکی و لاوەکی:**

بە گوێرەی ستانداردی عێراقی پێویستە خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لەسەر شەقامی لاوەکی بێت و نزیک باخچەی گشتی و دوور لە ژاوەژاو، پشتێنەی کاریگەری ئەم قۆناغە فراوانە و خوێندکارانی لە دوو بۆ سێ گەڕەکی جیاوازەوە دێن بۆ خوێندنگەو وا دەخوازێت سوود لە ئوتومبیلی گشتی و تایبەت وەربگرن، هەر وەک لە خشتەی(٣) دیارە خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی(٣) شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری و پەروەردەی ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێری شەقام بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٢**

| خوێندنگە ئامادەییەکان | شوێن بە گوێرەی شەقام |
|---|---|
| ڕەنگین | شەقامی لاوەکی |
| سالمی ئیواران | شەقامی لاوەکی |
| گۆران | شەقامی لاوەکی |
| شوان | شەقامی لاوەکی |
| چەمچەماڵ | شەقامی لاوەکی |
| مەولەوی ئیواران | شەقامی لاوەکی |
| مەستورە | شەقامی لاوەکی |
| تافگەی کچان | شەقامی لاوەکی |
| مەقان | شەقامی لاوەکی |
| نوێگەری | شەقامی لاوەکی |
| پێشڕەو | شەقامی لاوەکی |
| کوردستان | شەقامی لاوەکی |
| ئارۆ | شەقامی لاوەکی |
| هاموون | شەقامی سەرەکی |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە زانیاریەکانی: أ. بەڕێوەبەریتی پەروەردەی چەمچەماڵ، هۆبەی بیناسازی. ب. سەردانی مەیدانی ڕێکەوتی 2024/5/28.

بە پێی خشتەکە بەشێکی زۆر لە خوێندنگە ئامادەییەکانی سنوری قەزای چەمچەماڵ، دەکەونە سەر شەقامی لاوەکی و دوورن لە ژاوەژاوی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل. ئەمەش وادەکات کەمتر گرفتی هاتوچۆی خوێندنداریان هەبێت. جگەلە خوێندنگای ئاموون کە دەکەوێتە پشت زنجیرە بەرزاییەکانی بانی مەقان لەسەر ڕێگەی کەرکوك-سلێمانی، ڕاستە ئەم خوێندنگەیە لە ئێستادا خوێندکاری کەمە و پۆلەکانی پێکدێت لە چەند کابینەیەك بەڵام پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا خوێندکاری زۆربێت و لە زۆرێك لە نیشتەجێبوانی گەڕەکەکانی بانی مەقانەوە خوێندکاری بۆبێت. جگەلەوەی خویندنگاکە نزیکە لە ڕێگەی کەرکوك-سلێمانی، بۆ پەڕینەوەی خوێندکار پێویستی بە پردی پەڕینەوە دەبێت لە داهاتوودا.


**٢- پشتێنەی کاریگەر:**

بنەمای دووری یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی گشتی و خوێندن بە شێوەیەکی تایبەت، ئامانجی سەرەکیی پلاندانان بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەمترین کات و تێچوو، لێرەدا ئاسانکاری گەیشتن بە دووری کات دەپێورێت و بە ڕەگەزی سەرەکی ڕێکخستنی شوێن دادەنرێت و یارمەتیدەرە بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگی دابەش بوونی خزمەتگوزاری.

بە گشتی پێوەری عێراقی (٨٠٠-١٥٠٠)م٢ دیاری کردووە ئێمە لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە دووری (٨٥٠)م٢ بەستووە، لە نەخشەی(٤) ڕوون دەبێتەوە کام لەم گەڕەکانەی ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەییە و بێبەش بووە لەم ئەم خزمەتگوزارییە زۆرینەی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ئەم خزمەتگوزارییە دەیانگرێتەوە جگە لە گەڕەکەکانی (پورە گوڵە، سەربەرزی، بنار، ئاسودە، بەختیاری) بە تەواوی ئەم خزمەتگوزارییە نایانگرێتەوە، هەروەها بەشێکی زۆری ڕووبەری ئەم گەڕەکانە لە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەرن، هەریەک لە گەڕەکەکانی (بنار، سەربەرزی، پورە گوڵە) بەشێکی کەم لە ڕووبەرەکەیان لە پشتێنەی کاریگەرن و بەشێکی کەیان بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە.

**نەخشەی(٤)**

**پستێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەییەکانی شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤**




سەرچاوە : 1- کاری توێژەران پشت بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.2Arc gis).


٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری،٢٠٢٤.

لەژێر ڕۆشنای بەکارهێنانی پشتێنەی کاریگەردا دەتوانین پێشنیاری شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی بکەین لە ناوچەی توێژینەوەدا، چونکە وەکو لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت چی گەڕەکێک پێویستی بەم خزمەتگوزارییە هەیە و تا ئێستا لێی بێبەش بووە، پێویستە خوێندکارانی ئەو گەڕەکانە ماوەیەکی زۆر

ببڕن بۆ ئەوەی سوودمەندبن لەم خزمەتگوزارییە، بۆیە لەم توێژینەوەیدا پێشنیاری (٣) شوێنمان کردووە بۆ ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە بیانگرێتەوە ئەو گەڕەکانەش دەکەوێتە گەڕەکی (پورە گوڵە، بەختیاری، بنار).

**نەخشەی(٥)**

**شوێنی نمونەی پێشنیارکراو بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەییەکانی شاری چەمچەماڵ**




سەرچاوە : 1- کاری توێژەران پشت بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( 10.2Arc gis).
٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، نەخشەی بنەڕەتی شاری چەمچەماڵ، بەشی هونەری،٢٠٢٤.

**دەرئەنجامەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتین بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. مێژووی پەروەردە و فیرکردن لە ناوچەی توێژینەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سـالی (بست)ەکانی سەدەی ڕابردوو، کە ئەمەش گرنگی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچەی توێژینەوە بەدەردەخات، بەتایبەتی لە لای دانیشتوانی ناوچەکە.

2. لەرووی دابەشبوونی جوگرافیەوە ناڕێکی زۆر لە خزمەتگوزاری ئامادەییەکانی شاری چەمچەماڵ هەیە، بەجۆرێك گەڕەکی شەهیدان کە (٢٦,١٩٪)ی کۆی رووبەری ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە کە زۆرترین ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەیە بێ بەشە لەم خزمەتگوزاریە.

3. له کۆی (٢٠) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە تەنها (٧) گەڕەکیان ئەم خزمەتگوزاریانەی تێدایە و سەرجەم گەڕەکەکانی تر کە بریتین لە(سەرشەقام. پورە گوڵە، ڕزگاری، ڕاپەرین، بێکەس، شەهیدان، نیشتیمان، بنار، سەربەرزی، ئاسودە، بەختیاری، قەڵا، خان).

4. له ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بە گوێرەی پێوری عێراقی ئەم خزمەتگوزاریە کورتهێنانی هەیە و پێویستی بە (١) خزمەتگوزاری تر هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوانی ناوچەکە.

5. کەموکوڕی زۆر لە پیوەرە پەروەردەیەکان بەدی دەکرێت بەجۆرێک لە پێوەری خوێندکار بۆ پۆل خوێندنگەکانی (مەولەوی ئێواران، ئارۆ، تاڤگەی کچان، هاموون) بە دیووی نەرینی خوارووی پێوەرەکەدان، چونکە ژمارەی پۆلەکانی خوێندن گونجاو نییە بۆ ژمارەی خوێندکاران و لەگەڵ پێوەری عێراقیدا ناگونجێت.

## ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەو ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

1. دووبارە پێداچونەوە بە دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی یەکسانی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریە بە تایبەتی لە گەڕەکی (شەهیدان) کە (٢٦,١٩٪) ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەی لەخۆگرتووە، وە گەڕەکی(ڕاپەرین) کە(١٢,١١٪) ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوەی لەخۆگرتووە.

2. دروستکردن و بنیادنانی (١) خوێندنگەی ئامادەیی تر بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

3. بوونیادنانی(٨) خوێندنگەی ئامادەیی تر بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کۆی(١٤) خوێندنگەی ئامادەیی لە شاری چەمچەماڵ تەنها (٧) خوێندنگەیان خاوەنی بینای تایبەت بە خۆیانن و، سەرجەم خوێندنگەکانی تر میوانی خوێندنگەیەک یان قوتابخانەیەکی ترن، وە هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کۆی ئەو (٧) خوێندنگەی بینای تایبەت بە خۆیان هەیە (١) لەو خوێندنگەیانە لە کابینەدایە و بینای نییە.

4. بوونیادنانی بینای خوێندنگەکان بە جۆرێک بێت کە لەگەڵ پێوەی عێراقیدا بگونجێت و لەکاتی دروستکردنی پرس و ڕاوێژ بە پلاندانانی شارستانی و بواری جوگرافیای خزمەتگوزاری بکرێت، تاوەکو لەگەڵ پیوەرە ناوخۆی و عێراقیەکان بگونجێت، کە بە گشتی بۆ هەر خوێندنگەیەک (١٢) پۆل و بۆ هەر پۆلێک(٢٥-٣٠) خوێندکاری دیاریکردووە.

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوی کوردی**

**آ-کتێب**

1. امین، هاوڕێ یاسین محمد, 2011، دیاردەی بە بیابانبوون لە ناوچەی نیمچە شاخاوییەکان (قەزای چەمچەماڵ بەنمونە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سێمانی.

2.عبدالعزیز، فەرهاد،٢٠١٣، ناوچەی چەمچەماڵ لە نێوان ساڵانی هەردوو شەڕی جیهانیدا(١٩١٨-١٩٣٩)، چپخانەی زینە، کەرکوک،.

3. عەبدول، خەلیل خەڵەف، 2017، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی،.

4. عەبدولعەزیز، فەرهاد، 2019، شــاری چەمچەماڵ بە دۆکیۆمێنکتردنی مێژوویەکی تۆمار نەکراو(1851-1991)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن.

5. غەفوور، عەبدوڵا، 2008، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

6. کەریم، ســـەروەرئەحمەد، ٢٠٠٣، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشـــوور تا حکومەتی هەرێم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

7. مصطفی، فاطمە قادر، ٢٠٢٠، جوگرافیایی خزمەتگوزاری، چاپخانەی جەنگەڵ، چاپی یەکەم، ئێران.

**ب- نامەی ماستەر:**

1. حەمەعلی، هەردی عبدالرحمان،٢٠١٦، دابەشـــبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شـــاری هەڵەبجە، کۆلێژی زانســـتە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ماستەرنامە، بڵاونەکراوە.

2. صـــدیق محمد ڕەشـــید، ٢٠٢٣، دابینکردن و تایبەتمەندی ئاوی خواردنەوە لە شـــاری چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی خزمەتگوزاری)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە.

**ت- گۆڤارە کوردییەکان:**

1. خلیل، احمد جمال، حکیم صالح محمد، ٢٠٢٣ ، هەڵسەنگاندنی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئامدەیی و پیشەییەکان لە شاری کفری، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤.

2. درویش ،عزالدین جمعە ، کامەران محمد توفیق، ئارام حسن محمد، ٢٠١٧، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە١٣.

**ث- نوسراو و بڵاوکراوە حکومیەکان:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردســتان، 202٤، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ســلێمانی، بەشــی GIS، نەخشــەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان.

2. حکومەتی هەرێمی کوردســتان،202٤، ســەرۆکایەتی شــارەوانی چەمچەماڵ، نەخشــەی بنەڕەتی شــاری چەمچەماڵ، ب. هونەری.

3. حکومەتی هەرێـــــمی کوردسـتان، ٢٠٢٤، وەزارەتی پەروەردە، بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ، بەشــی ئامار، داتای بلاونەکراوە.

**دووەم: سەرچاوەی عەرەبی:**

**آ-کتێب:**

1. الهيتى، مازن عبدالرحمن، 2013، الجغرافية الخدمات، مكتبة المجتمع العربى للنشـــروالتوزيع، الطبعة الاولى ، عمان-أردن.

2. صالح، هاشم محمد،٢٠١٤، الجغرافية البشرية، الطبعة الاولى، مكتبة المجيمعة العربى للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

3. محمد، عمر محمد علي، 2016، جغرافية المدن، طبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

4. فؤدا بن غضبان،٣٠١٣، جغرافيه الخدمات، دار اليازورى للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.

5. زين العابدين على صفر،2015، تخطيط المدن، اسس و مفاهيم و تطبيقات، ط1،دار الوضاح للنشر، عمان.

**ب-رسالة ماجستير و الاطاريح:**

**1.** الجميلي، رياض كاظم ســـلمان، 2007، كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصـــحية و الترفيهية) فى مدينة كربلاء (دراسة فى جغرافية المدن)، اطروحة دكتوراه، غيرمنشورة، جامعة بغداد.

2. رواندزي، عمر حسن حسين، 2006، التحليل المكانى والوظيفى للخدمات تعليمية فى مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين – اربيل،

3. عزيز، فاروق واحد محمد، 2011، التحليل الجغرافى لمراحل التوســع الحضــري لمدينة چم چمال، رســالة ماجســتير، غير منشورة،جامعة الموصل .

4. يوســـف، طاهر جمعة طاهر، 2007، التحليل المكاني للخدمات التعليمية فى مدينة نابلس باســـتخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير، جامعة نجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا نابلس- فلسطين.

ج. هظل،عامر كريم ، الاء صـــباح محمود ، (2024). تأثير الاســـتفادة من الأدوات الرقمية ( التكنولوجيا)لتحقيق التميز التعليمي .*لارك* https://doi.org/10.31185/lark.3337 . 286-301 ,(2 pt1)*16* ,

**List of References:**

**First: Kurdish References:**

**A. The book**

1-Amin, Hawre Yasin Mohammed, 2011, Desertification in semi-mountainous areas (Chamchamal district, for example), Kurdistan Strategic Research Center, Semani.

2-Abdulaziz, Farhad, 2013, Chamchamal area between the years of the two world wars (1918-1939), Zeina Printing House, Kirkuk.

3-Abdul, Khalil Khalaf, 2017, Teachers' Headquarters Institute, Sara Central Printing House, First Edition, Sulaimani.

4-Abdulaziz, Farhad, 2019, Chamchamal City Documenting an Unrecorded History (1851-1991), Volume 2, First Edition, Renown Printing House.

5-Ghafoor, Abdullah, 2008, Geography of South Kurdistan, 1st edition, Ranj Printing House.

6-Karim, Sarwar Ahmad, 2003, Chamchamal before the Assyrian Empire to the Kurdistan Regional Government, first edition, Ministry of Education Printing House.

7-Mustafa, Fatemeh Qadir, 2020, Geography of Services, Jungle Printing House, 1st Edition, Iran.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**B. Master's Letter:**

1-Hama Ali, Hardi Abdulrahman, 2016, Distribution of Educational Services in Halabja, College of Humanities, Sulaimani University, Master's Thesis, Unpublished.

2-Siddiq Mohammed Rashid, 2023, Drinking Water Supply and Characteristics in Chamchamal (A Study in Service Geography), College of Humanities, Sulaimani University, Master's Thesis, Unpublished.

**d- Kurdish magazines:**

1-Khalil, Ahmad Jamal, Hakim Saleh Mohammed, 2023, Geographical Assessment of Secondary and Vocational Services in Kufri, Kurdistan Journal for Strategic Research, No.

2-Darwish, Ezaddin Juma, Kamran Mohammed Tawfiq, Aram Hassan Mohammed, 2017, Garmian University Journal, No.

**d) Government documents and publications:**

Kurdistan Regional Government, 20241- Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate, GIS Department, Basic Map of Kurdistan Region and Garmian Administration.

Kurdistan Regional Government, 20242- Chamchamal Municipality, Basic Map of Chamchamal, b. Artistic.

Kurdistan Regional Government, 20243- Ministry of Education, Chamchamal Education Directorate, Statistics Department, unpublished data.

**Second: Arabic References:**

**A-The Books:**

1-Al-Hiti, Mazen Abdel-Rahman, 2013, Geographic Services, Arab Society Library for Publishing and Distribution, first edition, Amman-Jordan.

2-Saleh, Hashim Muhammad, 2014, Human Geography, first edition, Al Majma'a Al Arabi Publishing and Distribution Library, Amman, Jordan.

3-Muhammad, Omar Muhammad Ali, 2016, Geography of Cities, first edition, Dar Al-Wafa for the World of Printing and Publishing.

4-Fuda bin Ghadhban, 3013, Geography of Services, Dar Al-Yazouri for Publishing and Distribution, Amman-Jordan.

5-Zain Al-Abidin Ali Safar, 2015, City Planning, Foundations, Concepts and Applications, 1st edition, Al-Wadah Publishing House, Amman.

**B- Master's thesis and theses:**

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

1-Al-Jumaili, Riyad Kazem Salman, 2007, The efficiency of spatial distribution of community services (educational, health, and recreational) in the city of Karbala (a study in urban geography), doctoral thesis, unpublished, University of Baghdad.

2-Rawandzi, Omar Hassan Hussein, 2006, Spatial and functional analysis of educational services in the city of Soran using geographic information systems (GIS), Master's thesis, Saladin University – Erbil.

3-Aziz, Farooq Wahid Mohammed, 2011, Geographical analysis of the stages of urban expansion of the city of Cham Chamal, Master's thesis, unpublished, University of Mosul.

4. Youssef, Taher Jumaa Taher, 2007, Spatial analysis of educational services in the city of Nablus using GIS technology (GIS), Master's Thesis, An-Najah National University, Faculty of Graduate Studies, Nablus- Palestine.

**C. Jornal**

-Hadal, Amer kareem, Alla Sabah Mahammad, 2024, The Impact of Utilizing Digital Tools (Tecnology) for Achieving Education Excellence, Lark Jornal, Volume 16, No 2.
https://doi.org/10.31185/lark.3337

**پاشكۆ**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پاشكۆی (1)**

**پێوەرەكانی عێراقی بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێركاری ئامادەیی**

| پێوەرەکان | قۆناغی ئامادەیی |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان | ١٠٠٠٠كەس |
| خوێندکار / خوێندنگە | ٥٢٧ |
| خوێندگە / پۆل | ١٢ پۆل |
| خوێندکار / پۆل | ٢٥-٣٠ خوێندکار |
| خوێندکار / مامۆستا | ٢٥-٣٠ خوێندکار |
| جۆری شەقام | لاوەکی یان نزیک باخچەی گشتی و دوور لە ژاوەژاو |
| دووری | ٨٠٠-١٥٠٠م٢ |

سەرچاوە: بۆ زانیاری دەربارەی پێوەرەکانی خوێندن بڕوانە:

١-فؤدا بن غضبان،٢٠١٣، جغرافيه الخدمات، دار اليازوری للنشر و التوزيع، عمان-الاردن، ص١٨٣-١٨٧.

٢-فاطمه قادر مصطفی، ٢٠٢٠، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ، ئێران،ل٨٩-٩٦.

٣- زين العابدين على صفر,تخطيط المدن اسس و مفاهيم و تطبيقات,،ط1،دار الوضاح للنشر، عمان،2015، ص314-318).